www.kurdistannet.org

29-11-2006 10:21بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# ستراتیژی نوێی ئەمەریکاو هۆشداری تورکیا بۆ کوردستان ... عوسمان عەسکەری



ماوەیەکە جیهان چاوەڕوانی گۆڕینی ستراتیژی سیاسەتی ئەمەریکا دەکات لەعێراق. کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی ئەمەریکا بۆ دانای ستراتیژی نوێ لەعێراق بەسەرپەرشتی James Baker)) پێشنیاری ستراتیژیەتی نوێیان بۆ سەرۆکی ئەمەریکا ( George W (Bush کردووە. لە هەنگاوی یەکەمی ستراتیژی نوێی ئەمەریکا بەیکەر داوا لە بوش دەکات لەگەڵ دوژمنەکانیدا واتە (ئێران و سوریا) دیالۆگ بکات بۆ بڕینی ئەودەستانەی کە هەلومەرجی عێراق دەشێوێنن.

سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (Tony Blair) هەنگاوی یەکەمی ستراتیژیەکەی بەیکەر کارپێ دەکات و بانگەوازێک ئاراستەی ئێران و سوریا دەکات کە بەشداری بکەن لەمەیدانی سیاسی عێراقدا بە ئەنجامدانی ڕۆڵی ئاشتیخوازانە و گەشە پێدانی ئاشی و ئارامی لەناوچەکەدا. ڕێگە گرتن لەپرۆسەی ئاشتیو دیموکراتی کە هێزێکی پڕ لەوزەی تاوانکاری لەدەرەوەی وڵات کاردەکات بۆ شێواندنی بارودۆخی عێراق کاردانەوەی خراپی لێ دەکەوێتەوە نەک تەنها بۆ عێراق بەڵکو بۆ سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە. هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی لێژنەکەی بەیکەر بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ قەیرانەکانی بارودۆخی عێراق، وە بانگەوازی بلایەر بۆ سوریاو ئێران کە بەشداری بکەن لەمەیدانی سیاسی عێراق لەپێناو سەقامگیر کردنی ئاشتی، تورکیا وەک هێزێکی گرنگی هاوپەیمانی ستراتیژی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەندامی ناتۆ هەست بە دابڕان لە بەشداری پێکردنی بارودۆخی عێراق دەکات. هەرلەسەرەتای ئامادەکاریەکان بۆ ئازادکردنی عێراق و هێرش کردنە سەر ڕژێمی بەعسیەکان، تورکیا سیاسەتێکی هەڵەی پەیرەوکرد، تورکیا ڕێگەی بە هێزی ئەمەریکا نەدا خاکی ئەو وڵاتەبەکار بهێنێ بۆ هێرش کردنە سەر سوپای عێراقی و ڕوخاندنی ڕژێمەکەی سەدام ئیدی هەرلەو کاتەوە تورکیا لە گەمەی ناوچەکە دورخرایەوەو بەبایەخەوە کورد هێنرایە مەیدانی سیاسی و زۆر ڕۆڵی گرنگ و هەستیاری سەرکەوتوانە لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بینی. دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی خەونی هەمو کوردێکەو بەردەوامیش گەلی کوردستان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە خەبات دەکات وە ئەم ڕاستیانەش تورکیا دەیزانێ. بۆیە ئەمانەو زۆر هۆکاری دیکەهەن کە تورکیایان هەراسان کردووە.

تورکیا بەپەرۆشەوە خەبات دەکات لەپێناو بەدەستهێنانی مافی ئەندامەتی لەڕیزەکانی یەکێتی ئەورووپا وە یەکێتی ئەورووپا پێیان وایە دوای چارەسەرکردنی گرفتەکانی ناوخۆو دەرەکی و ئەنجامدانی ئەوریفۆرمانەی بۆی دیاریکراوە کەپێویستە ئەنجامیان بدات ئەوا تورکیا یەکێکە لەو وڵاتە ستراتیژیانەی کە یەکێتی ئەورووپا پێویستە بەبایەخەوە پێشوازی ئەندامەتی بونی لەڕیزەکانی یەکێتی ئەورووپادا لێ بکات. لەڕاپۆرتەکەدا هاتوە، تورکیا لەوکاتەوەی کەداوای مافی بەئەندامبونی پێشنیار کردوە بۆ یەکێتی ئەورووپا هەتا ئێستا زۆر ریفۆرمی گرنگو هەستیاری ئەنجام داوە. بەشێک لەئەو گۆڕانکاریانەی ئەنجامیان داوە گۆڕانکاری قوڵی ئایدیۆلۆجی و نەتەوایەتی گەلانی تورکیا بون وە ئەنجامدانی ئەوچاکسازیانە کاری ئاسان نەبون. لەڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپادا هاتوە کە تورکیا زۆر ڕێگەی گرنگی بڕیوەو ڕیفۆرمی دیاری ئەنجام داوە بەڵام پێویستە گۆڕانکاری دیکەش ئەنجام بدات بۆ ئەوەی ببێت بەئەندام لەیەکێتی ئەورووپادا. تورکیا پێویستە کێشەی کوردەکان بەدیالۆگ

چارەسەر بکات وە زیاتر ڕێز لە کەمایەتیو مافەمرۆڤایەتیەکان بگرێت. لەگەڵ ئەوەی لەچوارچێوەی ڕیفۆرمەکان تورکیا بەیاسا دەسەڵاتی جەنەراڵو عەسکەرتاریەتی دیاری کردوە بەڵام هەتائێستاش باڵی عەسکەری توانای دەست تێوەردانی لەکاروبارەکانی دەوڵەتی تورکیادا هەیە ئەگەر چی سەرۆک کۆمار (Ahmet Necdet Sezer) پشتگیری جەنەراڵەکان دەکات بەڵام دەبێت ئەوەش تۆکمەتر چارەسەر بکرێت.

ئەوروپا داوا لەتورکیا دەکات کە بەندەرو فڕۆکەخانەکانی ئاواڵە بکات بۆ گواستنەوەو بەستنەوەی بازرگانی لەگەڵ قوبرسی بەشی یۆنان وە دوامۆڵەتیش بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە (06/12/2006) ئەگەر تا ئەو کاتە ئەم بڕیارە جێ بەجێ نەکرێت ئەوا مەلەفی بون بەئەندامی تورکیا لەڕیزەکانی یەکێتی ئەوروپا دادەخرێت وە ڕێگەی بە ئەندامبون بۆ تورکیا زۆر دور دەکەوێتەوە. حکومەتی تورکیا کە حکومەتێکی ئیسلامی دیموکراتیە بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی چاودێری یەکێتی ئەوروپا ڕونیان کردۆتەوە ڕیفۆرمی یەکجار زۆری ئەنجام داوە وە ئەو ڕیفۆرمانەش هاوتەریبو مەرجەکانی بون بەئەندامە لەیەکێتی ئەوروپادا وە ئەگەر بەردەوام بێت لەپرۆسەی چاکسازی ئەوا زوتر لەساڵیی (2025) دەبێت بەئەندامی پڕبایەخی یەکێتی ئەوروپا، بۆیە تورکیا پێویستە لەڕیفۆرم بەردەوام بێت وەئەودەرفەتە لەدەست نەدات.

ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەرکوردستان ئەوا هیوای گەشو خەونەخۆشەکانی بون بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا دەڕەوێتەوەو خەونەکان بەتاڵ دەبن، و سەرجەم ئەوهەنگاوە گرنگانەی کە ئەنجامی ڕیفۆرم بەدەستی هێناوە لەباردەچێت کەئەمەش خۆکوژیەکی بێ دەسکەوتەو دەبێتە هۆی پارچەپارچە بونی تورکیا. هۆشداری و گەمەکانی حکومەتەکەی (Recep Tayyip Erdogan) کەئاراستەی کوردستانو ناوچەکەی دەکات هۆی ئەوەیە کە حکومەتەکی ئەردۆگان کەوتۆتە ژێر فشارێکی زۆری باڵی سەربازیو حزبو گروپە نەتەوەپەرستەکانی تورکیا، وەلە هەمان کاتدا ئەردۆگان وەک یاریزانێکی تێنس دەکات. دەخوازێت تۆپێک هەڵبدات بۆگەمەو چەند تۆپێکیش لەژێر شۆرتەکەی قایم بکات بۆیە گەمەیەکی زۆرلایەنی بۆ بەدەستهێنانی چەندین دەسکەوتی ستراتیژی دەکات وەک.

1- فشار بخاتە سەرئەمەریکا بۆئەوەی وەک ستراتیژیترین هێزی هاوپەیمان و ناوچەکە مامەڵەی لەگەڵ بکات وە لەمەیدانی سیاسی عێراق و بونیات نانەوەو سەرمایەگوزاری بەشداری گرنگی پێ بکات بەتایبەت لەناوچەی کوردستان.

2- فشارێکی بەهێز بکاتە سەرکوردستان بۆئەوەی کورد پێ دانەگرێت بۆ بەکوردستانی بونی کەرکوک، وە تورکمانەکانیش دەسکەوتی باش بەدەست بهێنن و لەهەمان کات سەرکردایەتی کورد ڕابکێشێت بۆ دژایەتیکردنو بڕینی یارمەتیدانی ((PKK

3- فشار بخاتە سەرئەوروپا تاوەکو ئەومەرجە ڕیفۆرمیانەی کەپێویستە تورکیا ئەنجامیان بدات بۆئەوەی ببێت بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا، خاوبکەنەوەو لەهەندێکیان چاوپۆشی لێ بکەن بەتایبەت بەندی دانپێدانان بە کۆکوژی ئەرمەنیەکان.

4- ئەردۆگان بەم گەمانە دەخوازێت سۆزی نەتەوە پەرستەکانی تورکیا بۆ خۆی وحزبەکەی ڕابکێشێ بەتایبەت کە لەساڵی (2007) ڕوبەڕوی دوو هەلبژاردن دەبێتەوە لە تورکیا. مانگی 11 ی ساڵی داهاتو لەتورکیا هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام دەدرێت وە دەبێت بەر لەئەوەی هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام بدرێت پەڕلەمان سەرۆک کۆمارێکی دیکە هەڵببژێرێت چونکە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک کۆماری ئێستا ئەهمەت سیزەر کۆتایی پێ دێت، هەندێک لەچاودێران پێیان وایە کە ئەردۆگان خۆی بۆ ئەوپۆستە کاندید دەکات ئەمە لەکاتێکدا کە بەهۆی دەنگی حزبەکەی خۆی کەخاوەندی زۆرینەی کورسیەکانی پەڕلەمانن ئەردۆگان دەتوانێت ئەوپۆستە مسۆگەر بکات وە ببێت بەسەرۆک کۆماری داهاتوی تورکیاو حزبەکەشی لەهەڵبژاردنی گشتیدا سەرکەوتنێکی چاکتر بەدەست بهێنێت ئەوکات زۆربەی دەسەڵاتە

گرنگەکان دەکەوێتە بەردەستی ئەردۆگانو حزبەکەی دواتر دەخوازێت سەرجەم ئەو ڕیفۆرمانەی کە پێویستن لەپێناو بەئەندامبونی یەکێتی ئەوروپادا ئەنجامیان بدات. ئەردۆگان دەتوانێت بەئەم سەرکەوتنانە پێشبڕکێ لە کەمال ئەتاتورک بکات وە ببێتە باوکی نوێی تورکیا. ئەوگەمانەی کە ئەردۆگان دەیکات زۆر گەورەترە لە بۆچونی ئەوهەڤاڵانەی کەپێیان وایە تورکیا هێرش دەکاتە سەرکوردستان بۆیە ئەگەری هێرش کردن زۆر لاوازە، دەکرێت چاوەڕوان بین لە مانگی 12 تورکیا سنورە بازرگانیەکانی بۆ قوبرس ئاواڵەدەکات ئەوکات پێمان دەڵێت کە بۆتورکیا ئەندامبون لەیەکێتی ئەوروپاو سەرمایەگوزاری کردن لە عێراق بەتایبەتی کوردستان زۆر گرنگترە وەک لەهێرشکردنو جەنگو داگیرکردن. بۆیە پێویستە سەرکردایەتی کوردستان کارو پێشنیاری ستراتیژی خۆی بۆ ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بکات کە چاکترین پێشنیار بۆ ئەم هەلومەرجە بریتیە لە.

1- دابەشکردنی عێراق بۆسەر 3 هەرێم.

2- هەموهەرێمێک پێویستە سوپاو هێزی فەرمی تایبەتی خۆی هەبێت بۆ خۆپاراستن لەئەگەری هێرشی هەرێمەکانی دراوسێی.

3- داوابکرێت هێزی ناتۆو ئەمەریکا بەهاوبەشی لەگەڵ سوپای ئاشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان چاودێری لەسنوری هەرێمەکان بکەن وە هەرێمەکانیش لەدەستدرێژی دەرەکی بپارێزن ئەم ئەزمونە لە نێوان یوگوسلاڤیا، کرواسیا و بۆسناوهێرسۆگۆڤینا سەرکەوتو بو.

4- هەتا 5 ساڵ بەمجۆرە هەرێمەکان سەرپەرشتی خۆیان بکەن وە دوای ئەو 5 ساڵە ڕیفراندۆم لە هەرێمەکان ئەنجام بدرێت کە جەماوەری هەرێمەکان واتە هەر هەرێمێک لەڕێگەی ڕیفراندۆم بڕیار بدات بۆ دیاریکردنی چارەنوسی هەرێمەکەی خۆیان کەئەمەش دەبێتە هۆی دروست بونی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ.

5- بەغداد ببێتە نمونەی بەرلین لەپێش نەوەدەکان. ئەمانە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی هەمو قەیرانو نەهامەتیەکانی گەلانی عیراق لەئایندەو داهاتویەکی نزیکدا.

eskerei@yahoo. se

بۆ ئەم نوسینە سود لەم سایدە وەرگیراوە
www. dn. se. /DNet